شنیار ئەنوەر: هەرکەس سوکایەتی بە ئیسلام بکات ئەوە سوکایەتی بە خۆی دەکات

چالاکوان شنیار ئەنوەر، لە تویتێکدا لەبارەی کوشتنی خواناس نوسیویەتی: "هەرکەس سوکایەتی بە ئیسلام بکات ئەوە سوکایەتی بە خۆی دەکات، مولحید ئەوکەسەیە کە خۆشبەختی کەسێک لەناودەبات لەژێر هەر بیانویەکی بەماناشدا بێت بەڵام هەرکەس ڕەخنەی گرت و گومانی هەبوو ئەوە ئیسلام خۆی خاوەنی کانگایەکە لەمەعریفە و کەرەستەی زانستی بۆ وەڵامدانەوەی ڕەخنە".

هاتووەش، " ئەگەر ئیسلام ئەوەبێت مناڵێکی سەرلێشێواوی (واتە بکوژەکە)، کە هەشتا ئەلف و بێی ئیسلام نازانێت، خۆی پرییەتی لە توندوتیژی و تووڕەیی بەدەست هەژاری و نادادگەری، ئەگەر بێتەما بن ئەم بکوژە بەرگری لە ئیسلام و خودا بکات، ئەوە هەرگیز ئیسلام نەدەبووە خاوەنی ئەو شارستانێیەتە کە سەردەمێک جیهانی بەڕێوەبردووە". ئیسلام هێندە دەستەوسان و بێ تەشووی فکری نییە وەڵامی گومانەکانی ئەو گەنجەی چەمچەماڵ نەداتەوە، گومان بەشێکە لە پرۆسەی تێگەیشتن و قووڵبونەوە.

کوشتنی خواناس دەبێت شەرمەزاربکرێت لەوەتەی ئیسلام هەیە ڕەخنەش هەیە بێتو ڕەخنەش نەبوایە ئەوا هەرگیز لایەنگرانی ئەم دینە زیادینەکرد.

ئەو روداوەی چەمچەماڵ هێندە زیانگەیاندن بەئیسلام، 1% ئەوە سودی نەگەیاند.

لە کۆتاییدا نووسی، تێبینی/ مردنی ئەم گەنجە نەک لە کوردستان نەبوایەو لە فەلستینیش بوایە

ب□د□یان ه□زار ک□س د□هاتن□ س□رجاد□ خ□پیشاندانیان د□کرد، د□ب□ت ئ□م ه□مو □□کخراو□ پار□ خ□ر□ ل□کو□ بن؟".